کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 12:32 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەنج.. دەسەلأت.. ماف ... چۆمان هەولێری

گەنج ئەو توێژە بەهێزەی نێو کۆمەڵگایە، کە توانای گۆڕین و دەستەبەرکردنی گەلێك شتی هەیە، لەوانە توانای بەدیهێنانی ئارەزوو و خولیاو مافە سەرەتاییەکانی خۆی، بەڵام ئەمەیان چۆن و بەچی ڕێگایەك؟ دەبێت بۆ ئەم گرێیەش بەرنامەو پلانی درێژخایەنی هەبێت، تاکو بکرێت گەنج و لاوی ئێمە کەمێك بە مافە سروشتییەکانی خۆیان شادبن.



بێگومان گەنج و لاوی کوردی ئێمە لەزۆر لایەنەوە غەدریان لێکراوە، ئەم غەدرلێکردنەش دەکرێت خۆی بە دوو ئاراستەی دیاردا بڕوات کە بەندە دەتوانێت تیشکێکی کەم بخاتە سەر مەسەلەکان:
غەدرلێکراوی گەنج بۆ بێ هەولی و بێ ئینتیمایی و بێ خەمخۆری خۆی دەگەڕێتەوە کە خۆی هۆکاری دروستبوونیەتی و خۆی دەستی لەهەڵئاوسانی باری ژیانی خۆیدا هەیە، کە هەوڵ نادات بەپشت بەستن بە خودو، هەروەها بە کۆمەڵگاکەی و دەوروبەری بەشێك لە خواست و مافەکانی دەستەبەر بکات و بگاتە نیمچە ئاواتێکی. ئەمەش بێگومان بە نووسین و باس کردن زۆر سانان و ڕەنگە هەندێك لە خوێنەرانیش گاڵتەیان بەم نووسینە هەبێت و بڵێن؛ گەنجی چی و مافی چی؟ من ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم لەکۆتایی نووسینەکەمدا بەدەری دەخەم!!!!
بەشی دووەمی غەدرلێکراوی گەنجی کورد بریتییە لەوەی کە هەرچەندە لاوان خۆیان بێ دەسەلأتی خۆیان دەنوێنن، بەلأم خۆ دەسەلأتیش فرە شەریف نییە، دەسەلأت لەسەر عەقڵییەتی پیر دروست بووەو کەسێك ناخاتە جێگای خۆی کە پیر نەبووبێت. بێگومان بیرکردنەوەی دەسەلأت لەلایەك و هەوڵەکانیان بۆ کەسبکردنی لاوان و گەنجان بۆ کاروباری ڕێکخراوە حزبیەکان، ئەمانە خۆی لەخۆیدا فاکتەری خراپن لەسەر ئەوەی کە ناهێڵن گەنج بگاتە پلەیەك لە پلەکانی حکوومەت. هەرچەندە گەربێت و سەرژمێرییەکی گشتی لە کوردستان بکرێت دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی گەنجان زۆر لەوە زۆرترە کە مەزەندەی بۆ دەکرێت. بەلأم هۆکاری کاریگەرنەبوونی بەسەر کۆمەڵگاو تەنانەت دەسەلأتیشدا دەگەڕێتەوە بۆ بێ هەولی خۆی و ئەو ڕێکخراوانەن کە خۆیان بەخاوەنی کێشەو گیروگرفتەکانی لاوان دەزانن، کەچی ئەوەش بەرهەمەکانیانە کە دەیبینین!!!!، کاریان تەنها بۆ دوورخستنەوەو خەریککردنی لاوانە لە دەوری خۆیان و بەستنەوەیانە بە شتی کاڵ و بێ تام.
ئەوەی دەکرێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت بریتیە لەوەی کە گەنج چی دەوێت و کار بۆ چی دەکات؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 12:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گەنج گەلێك كێشەی هەیە، بگرە كێشەی لەگەڵ دەسەلات و كۆمەڵگاو تەنانەت چواردەوری خۆیدا هەیە، گەنجی كورد بێبەشە لە زۆرشت، ئەو شتانەی كە دەبێت بۆیان دەستەبەرو دابین بكرێت، بەڵام بۆ ناكرێت ئەوەیان بۆ خودی گەنج و دەسەلات بەجێ دەهێڵم.

گەنج خولیای زۆرە، بەڵام عەقڵی كەمە!!

گەنج تواناداره، بەڵام خۆی بەبێ توانا نیشان دەدات!!

گەنجی كورد نەخۆشن، بەڵام هەمیشە خۆیان بە ڕۆشنبیرو پیاوی گەورە گەورە نیشاندەدەن!

ئەم سێ دێڕەی سەرەوە كە ئامازەم پێدا دەتوانم زیاتری لەسەر بنووسم، چونكە گەنجی ئێمە تاكو ئێستا بیری لەوە نەكردۆتەوە كە كەسایەتییەكی كارامەو پڕ توانا بۆ خۆی دروست بكات، وەلێ گەنجیشمان هەیە بەدوای شتی نارێك و وێنەی ناشرین و، هەروەها ئیزعاجكردنی خەڵكین، بۆ نموونە من تاكو ئێستا سێ بابەتم بڵاوكردۆتەوە، بەڵام ئەبێت ئەوەش بزانین كە زۆربەی ئەو گەنجانەی كە تەماشای ئینتەرنێت و خەریكی خوێندنەوەی بابەتەكانن، هیچ سوودێكیان لەو تەكنەلۆژیایە نەبینیوە كە بە سانایی و بەنرخێكی كەم لەبەردەستیاندایە.

كە دەڵێم گەنجی كورد زۆربەیان نەخۆشن، نەخۆشن لە لایەنی سێكسی، لەلایەنی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی و ئابووری..

ناردنی وێنەی سێكسی بۆ ئەو ئافرەت و كچانەی كە دەستی نووسینیان هەیەو كە منیش یەكێك بووم لەوانە بۆیان ناردووم، دەبێ چ نهێنییەكەی تێدابێت؟، ئەم پرسیارە بۆ خودی خوێنەران جێ دەهێڵم؟؟

ناردنی قسەی ناشرین و دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی ئەبێ چی مەبەستێكی تێدابێت، باشە گەر ئاوها داخ لەدڵی بەو وڵاتەی تێیدا دەژیت بۆ جێی ناهێڵیت و بەیەكجاری چۆڵی ناكەیت. باشە كێ تووڕەی كردوویت بڕۆ با هەر ئەو ئاشتت بكاتەوە، یاخود ڕق و كینەی خۆت بەسەر ئەودا هەڵبڕێژە، منی بێ گوناه چی بڵێت؟

هەربۆیە داواكارم لە لاوان و گەنجانی نێو سایتە ئەلیكترۆنییەكان كەوا بەچاوێكی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی و بە هەستێكی كوردایەتی و بە بینینێكی مرۆڤانەوە بڕواننە ئەو كچ و ئافرەتانەی كە توانای نووسین و دەربڕینی ڕازەكانیان هەیە، بەو هیوایەم خوێنەرانی بەڕێز خراپ لە بابەتەكەم تێنەگەیشتبن و بەدروستی بەلای مەسەلەكەدا چووبن.

Zezo_hewlery@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.